http://back.to/kurd



# نامە پۆست نەکراوەکان

عەباس شـــــوان

ناو : نامە پۆست نەكراوەكان

بابەت : رەخنەی ئەدەبی

نووسەر : ع. شوان

تایپ : ..............!

چاپخانە : ..............!

ساڵ : ٢٠٠١

نرخ : ................!

شوێن : Finland

© : ع. شوان

ISBN :

Naw: **Name post nekrawekan**

Babet: **Rexneî edebî**

Nûser: **Şıwan Ebas**

Taîp: **..........!**

Çpxane: **.........!**

Sal: **.........!**

Nrx: **......!**

Şuên: **Finland**

© : **Şıwan Ebas**



خوێنەری بەڕێز:


ئەم تیکستیانەی لە بەر دیدەتایە ناوزەدم کردوون بە رەخنەی ئەدەبی, ئیوەیش ئازادن بە چی تییدەگەن. ئەوانە بەرهەم و بەری ڕەنجی سالآنی ژیر چەپۆکی ڕەشی حکومەتی عەرەبان بە تایبەت بەعسییەکانە.

هەروەك لە ناوەکەیەوە دیارە ئەم تیکستانە لە شێوەی نامەدا بوون و بە نهینی و ڕیگای جۆراوجۆر گەیەنراوەتە نووسەرەکان, کەواتە بە هۆی کەش و هەوای دیکیاتۆری و کەمی بڵاوکراوە هەقی بڵاوکردنەوەی پێرەوا نەبینراوە! سەرەڕای ئەوەیش لە نیو کۆڕی هاوڕێ و دۆستاندا کاردانەوەی خولقاندووە, هەندێ لە نووسەران وەلامیان داومەتەوە.

لە سەرەتای ڕاپەڕین ـ ئازاری ١٩٩١ دا یەکەم کتیبم لە ژێر ناونیشانی {نامە سانسۆرنەکراوەکان ـ ئابی ١٩٩١}دا بە دەستخەت نووسرایەوە, ٥٠٠دانەم لێ چاپ و بڵاوکردەوە.

ئەمەئیستا هەر ئەو کتیبەیە و ئەو کتیبەیش نییە! بەشیکیەتی و لە بیژنگ دراوە و کورت و بژار کراوە, ئەمیش لە گۆڕینی هەمەلایەنەی بیروبۆچوونمەوە سەرچاوەی گرتووە.

شایەنی ئاماژەیە ئەم کتیبە دەکریت بە یەکەم کتیب دابنرێت کە پیشکەش بە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین لە شاری سلەیمانی ٣/٧ و شووراکان کرابیت, هەروەها یەکەم کتیبیشە لە ژێر ناوی { *ئەدەبی کرێکاری*}دا دەرچووبێت و خۆی ناساندبیت.




٦٦ لاپەرەی قەوارە ٢٢,٥×١٦,٥

## دڵ لە گوڵ ناسکترە

**عومەر عەبدولرەحمان ئەمین**

بـــیری چیرۆکـەکە لـە ئەنجامی چاکە و خێرکردن دەدوێت. ئەو گلەییەی دێتە سەر ئەم چیرۆکە, ئەوەیە: *منالْ فێری ئەوە دەکات هەرچی ڕاستی* {... بۆنی دەمی شێرەکە ...} *هەست پێکراو هەیە, چاوی لێ بپۆشن و نەیڵێین و هەتا هەتایە بە خەساوی بمێننەوە‼ لەبەر ئەوەی تووشی خراپە* {... تووڕە بوونی شێر و دەرکردنی جووتیارەکە و نەمانی بەرانە کێوی ...} *دەبن و ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە⁉*

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت, بیری چیرۆکەکە لە خزمەتی چینی بۆرژوازیدایە و دژی کرێکار و چەوساوەکانە⁉ بێجگە لەم دەلاقە زەبەلاحە, کەم و کوڕی هونەریشی تێدایە, بەلام لە چاو لایەنی یەکەمی یەعنی بیرۆکەکەدا هەر هیچ نییە! ☐

## ڕێوی فێلباز

بیری چیرۆکەکە لە عەقل بە گەورە و بچوکی نییە {... وورچ و شێر فریودەدا ...}, و تەماع و چاوچنۆکی, هەرگیز تێر نەخواردن, پڕ کردنی

ورکَ ئیتر گرنکَ نییه به هەرچ ڕێگایەك بێت{... ڕفاندنی مریشكێك هەموو شەوێك, و خواردنی لەگەڵ شێردا, خواردنی بێچووە شـــــیرەكانیش ...}!!؟

بیرۆکەی ئەم چیرۆکە چی فێری منال دەکات؟

منالْ فێری دبلۆماسییەت دەکات { ... خلْەفاندنی شێر, هێنانی ورچ بۆ بەردەم شیر, لە دواییشدا لە ناوبردنی شێر...} ئەو دبلوماسییەتەی لەم چەرخەدا باوە, یەعنی دبلۆماسییەتی چینی بۆرژوازی کە لەسەر دەست بەسەرا گرتن و فرِوفێلْ و مالْوێرانی بەندە!!؟

کەواتە بیرۆکەی چیرۆکەکە لە خزمەت ئەواندایە و بە زیانی چینی کریکار و چەوساوەکانە. لەباری هونەری و دارِشتنەوە درێژدادری زۆری تێدایە. □

٢ ـ ١١ ـ ١٩٨٤ سلەیمانی

***کۆمەڵە چیرۆکی منالان: دڵ لە گوڵ ناسکترە/ ١٩٧٨***

## مەرگی بەختـــەوەری          قادر سەعید سەرچناری

شۆرشـــی زەحـــمەتکێشـان دژی زولم و زۆری تاقەتپڕوکێن, ئەنجامەکەیشی هەلفراندنی خاوەن شکۆیە- خەیالپلاوییە, لە واقعی ئیستادا. دوا ڕۆژ شتێکی ترە- سەوداومامەلەی سەنگتاشان و هەولدان بۆ پشوو, بابەتی لەمەو پێش و ئێستای واقعی ولاتەکەمانە, ئەویان پیویستترە.

لەکۆمەلی چینایەتیدا کام چـین بە دڕنـدانـەتـرین شـێوە دەچەوسێتەوە؟

چینی کرێکارە, هەموو کاتێک ئامادەیە لە مەیدان و کارگە و شوێنی کاریتر هێزی بازووی هەرزانفرۆش بکات, لە بری مشتێک پول! تەنیا بەشی ئەوەی دەکات پێی بژی و نەمرێت و بۆ ئەوەی بەیانی بتوانێت جارێکیتر ئیش بکاتەوە!

لەولایشەوە چینی بۆرژوازی وەك زالو لەسەر خوێنیان دەژی. جا کرێکاران ئەوە بەش و حالیان بێت, بێگومان دەگەنە ئەو قەناعەتەی حەدێکی بۆ دابنێن, ئەویش خەباتکردنی بێووچان تا سەرکەوتنی کۆتایی

كە نەهێشتنی خاوەندارییەتی تایبەتی و کردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بۆ کرێکاران, خۆ بۆ خۆ, نەك کردەی ئەمان و بردەی ئەوان بێت.

دوو نموونە تاقانەکەی کرێکارانیجیهان کۆمۆنەی پاریس ـ ١٨٧١, و شۆرشی ئۆکتۆبەری رووسیا ١٩١٧ گەواهی ئەوە دەدەن ئەو چینەی تا سەر بە شۆرشگێری دەمێنێتەوە, تەنیا چینی کرێکارە.

ئایـا سەنگتاشان ( برزو ) لەگەڵ ( شێرۆ ) دا سەر بە کام چینن؟

بۆ دیاری کردنی هەر کەسێك دەروانرێتە مەوقعیەتی لە نێو پرۆسەی کاری کۆمەلایەتیدا: ئەو فەرمانبەرە, ئەم وەستای بەرد و بلۆکە, ئەوانیش کریکارن , وە هەروەها... کەواتە مەوقعیەتی ئابووری مرۆڤان دەست نیشانی چۆنییەتی بیرکردنەوەیان دەکات.

بۆرژواکان پێوەریان بۆ هەڵسەنگاندنی خەلکی لە پارەوە سەرچاوە دەگرێت بۆیە دەڵێن:

فـلان کەس بایـــی پولیـــێکە!

سەنگتاشان بە کریکار دانانرێن بەلکو حورەفین, پلە و ئاستی چەوساندنەوەیان لە چاو کرێکاراندا کەمترە.

باش نەناسینی کەسایەتی, وا دەکات بۆچوون و داوەری کردن لەسەریان نا دروست دەربچێت. دیار و ئاشکرایە چارەنووسی

حورەفییەکان (سەنگتاشان ) هەر ئیفلاس بوونە و بوون بە کرێکاری داروتانەوەیە لە هەموو ئامرازێکی بەرهەمهێنان. ئەوەیش بەرئەنجامی منافەسەی ئازاد و گەورە بوون و گەشەکردنی پیشەسازی و پێشکەوتنی ئامێرەکانە.

بۆیە نارەوایە سیفەتی کرێکار بە (سەنگتاشان) دراوە, و واپیشاندەدرێن کە خاوەنی هیچ شتێك نین و ئەوەی لە دەستی دەدەن کۆت و زنجیرەکانیانە! گەر وردتر بڕوانرێتە کەسایەتی (سەنگتاشان) دەبینین: جۆرێك لە دوودڵی و کوڵدان و نەبینینی واقعی مەوزوعی, بەسەریاندا زاڵە! ئەم سیفەتانە تایبەتمەندییەتی تویژاڵی ووردە بۆرژوازیە نەك کرێکاران.

داوەری لەسەر ئەم بەشە:

ئەدەب کاتێك ڕەسەنی خۆی دەسەلمێنێت کە ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی سەردەمەکەی بێت.

(برزو) خزمەتکارە و ڕەنگ و ڕووی چینایەتی ئاشکرا و دیارە, بەلام لەسەر زیدەبایی دەژی. (شێرۆ) بە قسە و گفتار چەوساوەیە, ئەوەیش هەموو شتێك نییە.

ئەم دووانە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە یەکبگرن و بەرەنگاری زوڵم و زۆری خاوەنشکۆ ببنەوە. (دارا) ناویکیش لە نێو دەربارەوە خۆی تیهەڵکیش کایەکە دەکات و ئەرکی درکاندنی نهینییەکانی دەربار دەخاتە ئەستۆ. بەس نازانریت بۆچ حەزی بە لابردنی خاوەنشکۆ هەیە؟ ئەو ماستە بێ موو نییە! ئەو دەستتیکەڵ کردن و یەکگرتنە بە مەبەستی شۆرش وکۆتایی هینان بە زوڵم و زۆر موستەنعە و زیاتر لە خەیاڵی نووسەرەوە سەرچاوەی گرتووە!

گریمان شۆرش بە سەرئەنجامی پوزەتیفی خۆی گەیشت! کێ حوکم دەگریتە ئەستۆ؟ شۆرشگیران ئەلتەرناتیفیان نادیارە و هیچ جۆرە حکومەتیکیان تەرح نەکردووە و پیدەچیت شۆرش بۆ شۆرش بکەن! هەوییەی چینایەتیان نادیارە!

کۆمەڵ یان خەڵک بە سەر چینەکاندا دابەش بوون. ئامانجی هەر شۆرشیک لابردنی تویژاڵیکی بورژوا بە یەکیکیتر, شتیکە و بنبر کردن و هەڵچنینی تەواوەتی سیستەمەکە کە موتەمەسیلە بە سەرمایەداری, شتیکیترە. لەمەیاندا دەکرێ ناوی شۆرشی لیبنریت, ئەویش بەمەرجێ ئەو چینەی بە کارەکە هەڵساوە بەبیری *مارکسیزم لینینزم* پڕ چەك بیت.

شۆرشی ئەم دەقە ئەدەبییە تەنیا بە مەبەستی لابردنی کۆمەڵە فەرمانرەوایەك بە یەکیکیتره, و جۆریك تەمومژی لە خۆی گرتووە!
ڕاپەرینەکەی ئیران ١٩٧٩ باشترین نموونەیە, دامودەزگای سەرکوتگەر هەڵچنرا و خەلکی حوکمیان گرتە دەست, بەڵام مەخابن شۆرش بە سەرئەنجامی کۆتایی نەگەیشت! بارەکە, پیسترین بورژوازی بۆ خۆی قوستییەوە و دەستیان بە سەردا گرتوو حکومەتیکی ڕەشتریان دامەزراند! لە دەستدانی فرسەتیکی وا دەگەریتەوە بۆ نەبوونیچینی کریکاری یەکگرتوو لە پارتیکی پیشرەودا.
لە میژوودا نموونەی لەو شۆرشە بیئاکامانە زۆرن, خەلکی چەوساوە و ڕەشوڕووت و کریکاران سووتەمەنی بوون, کەسانیتر بەری رەنج و خەبات و تیکوشانیان چنیونەتەوە!؟
لەکۆتاییدا:
ئەدیب و نووسەری خاوەن بیر سەرلیشیواوی لە ئەدەبەکەیدا ڕەنگ ناداتەوە.
تشرینی دووەمی ١٩٨٤ سلەیمانی
کتیبی: مەرگی بە ختەوەری/ ١٩٨٤

## به هۆرەی کام کێو ئاشنای؟

عەبدوڵلاکەریم مەحموود

هەوینی زوربـــەی  شیعرەکان کەسانیك درووستیان کردووە کە خاوەنی مەسەلەیەکن و لە پیناویدا تیدەکوشن, ئەوەتا لە شاخە سەربڵندەکان خۆیان خستوتە ڕەزالەتەوە, هەردەم ئامادەی لە خۆبوردنن, یان ئەوەتا لە دەرەوەی وڵاتتە و لە نامۆییدا دەژی, یان خزیندراونەتە کونجی تاریکی زیندانەوە لە ناخۆشترین وەزعدان و ئامادەی ملشور کردن نیین. بە حسابی شاعیر ئەو کەسانە ئاڵاهەڵگری بیریکی ڕووناکی پیشکەوتووخوازین!

بیر ڕووناکی لە قۆناغەکانی میژوودا جیاوازیان هەیە و هەمیشە لە کوراندا بووە.

ئەبێ ئەو کەسانە بۆ ئەوەندە لەسەر هەق بووبن تا وای لە شاعیر کردووە  شیعر بە باڵایاندا بڵیت ؟! ئەوانە سەر بە کام چینن لە کۆمەڵدا؟

ئاشکرایە ئەو کەس و کۆڕ و کۆمەڵانە بیجگە لە بەرژەوەندییە چینایەتییەکەیان, زوڵم و زۆری لە ڕادەبەدەر و چەوسانەوەی وەحشیانە, وای‌لیکردوون ئەو ڕیگایە بگرنە بەر, هەرچەند مەترسیداریش بیت.

بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست ئەم نموونەیە پیویستە:

*مەلا مستەفا بارزانی*, بۆ ماوەیەکی دریژ بزووتنەوەی گەلی **کوردی** ڕابەرایەتی کرد, ئەم بزووتنەوەیە مەسەلەیەکی ڕەوایە و داواکارییەکی بەرهەق و دیموکراسیانەیە و قابیل چارەسەرکردنە. بەڵام لەژیر پەردەی مەسەلەی **کوردەوە**, دەرەبەگایەتیان زیندوو کردەوە کە لە گیانە لادابوو! ئەمە چۆن بوو؟

کاتێ **شۆرشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨** بەرپا بوو, یەکیك لەو هەنگاوانەی ئەو شۆرشە (دیموکراسی بورژوایی) پیێ هەڵسا, دەرکردنی **یاسای ئیسلاحی زەراعی** بوو, هەرچەندە ناکامل بوو! ئەو دەست وەشاندنە کەم نەبوو, بووە مایەی سڵەمینەوەی دەرەبەگەکان. لە لایەکی ترەوە **حکومەت دیکتاتوریەتی** بەسەر خەڵکی **ئیراقدا** سەپاند!

لە **کوردستان** زەمینە زیاتر لەبار بوو بۆ بەرپا بوونی بزووتنەوەی چەکداری, دەرەبەگە بە **کوردەکان** بە ڕابەرایەتی *مەلا مستەفا بارزانی* بوونە سووری بەر لەشکر, بە دنەدانی دەرەبەگەکانی خواروو و ناوەراستی **ئیراقی عەرەبی**, بزووتنەوەی چەکداری درووست بوو.

مەبەستی بزووتنەوەکە چی بوو؟

دواخستن و مراندن و جۆریک لە کەلەگایی و سواری شەپۆلی نارەزایەتی بزووتنەوەی جەماوەری ڕوو لەسەر زیاتر هیچیتر نەبوو!

لە ژیر سیبەری سەروکەلەی کۆنەپەرستییەکی عوریانی وادا و پینەگەیشتنی سەرمایەداری و پاشکۆیەتی بە ولاتانی ئیمپریالیزمەوە.
دەرکەوتنی بزووتنەوەی کریکاری مەحالە !

کەواتە ململانێیەکە لە نیوان بالە جیاوازەکانی بورژوازیدا بوون, نەك لە نیوان بورژوازی و کریکاراندا. ئەو چین و تویژانە مەسەلەکەیان لە ژیر هەر پەردەیەکدا بیت, کۆنەپەرستی نەبێ زیاتر هیچیتر نەبوو. میژوو سەلماندوویەتی ئەوانە هەرگیز شۆرشگیر نین و نابن, ئیتر لە هەر شوینیک یان سەر بە هەر نەتەوەیەك بن, چاوەڕوانی کاری باشیان لیناکریت غەیری مالۆیرانی نەبیت.

وەك بینیمان بزووتنەوەکە بە *مفاوەزاتی سالّی ١٩٧٠* و ئاشبەتالّی ١٩٧٤ شکایەوە. حوکمی میژووە درەنگ یان زوو دەبیت ئەو بزووتنەوە و کۆر و کۆمەلانە تووشی ڕسوایی ببن.

لە ئەدەبی ئیستادا وەکو تیبینی دەکریت, شاعیر و چیرۆکنووسان لە هەولّی ئەوەدان بەرهەمە ئەدەبییەکانیان رەنگدانەوەی بزووتنەوە

سیاسییه چەکدارییەکە بیت و پاڵەوانەکانیشیان هەر لەو بازنەیەدا بسوڕێتەوە, وەك پێشمەرگە و شەهید و هتد...

مەبەست لە دەربرینی بۆچوونیکی وا لە نرخ کەم کردنەوەی ئەو سەروەرانە نییە.

پرسیار ئەوەیە:

ئایا خەڵکی سادە مەبەست کریکاران و زەحمەتکیشانە شایەنی ئەوە نیین ببنە هەوینی چیرۆك و شیعرەکان؟

تۆ بڵییت ئەوانە لە عەزابدا نەژین و نەچەوسینەوە و خاوەن مەسەلەیەکی ڕەوا نەبن؟!

ئەو جۆرە ئەدەبە گوزارشت لە بەشیکی کەمی کۆمەڵ دەکات, دوورکەوتنەوە لەو کارەکتەرە زەقانە نزیك بوونەیە لە جەماوەر و لە ئەدەبی ڕاستەقینە, بە مەرجیك لە قوزاخەی تاك دەرچیت و بڕیك شموولی بیت. □

کانوونی دووەمی ١٩٨٥ سلەیمانی

پاشکۆ:

{شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ و دیموکراسی بورژوازی}

دوو دەربڕینی نادروستن, لەوەوە سەرچاوەی گرتووە گوایە ئەو جەرەیانەی لە **ئیراقدا** ڕوویداوە شۆڕشی دیموکراسی بورژوازی بووە!

ئایا دەگونجی ڕووداویکی لەو جۆرە ناو لیبنریت شۆڕش یان شۆڕشی دیموکراسی بورژوازی یان لەڕیز و خانەی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا دابنریت؟!

لیکۆڵینەوەی هەمەلایەنەی ئابووری سیاسی میژوویی و تەرازووی هیزە چینایەتییەکانی ئەو کات باشترین وەلامە.

هیندە هەیە ئەو کودەتایە لە خۆیەوە هەڵنەتوقیوە. لەو سەردەمەدا بزووتنەوەی نارەزایەتی بەرفراوای جەماوەری لە ئارادا بووە. بەرچاوترینیان ئیزاب و مزاهەراتی کریکارانی ڕشتەکانی نەوت و چاپخانەکانی بەغا و زۆریتر بووە, کە هەڕەشەی لە بوونی سیستەمی سیاسی ئابووری سەرمایەداری کردووە.

بورژوازی لە هەڵچوونی وادا کە جیێ مەترسی گەورە بیت بۆی دەستەوەستان نابیت. جا بۆ بەربەست کردنی پەنا دەباتە بەر ئۆرگانە

سەرکوتگەرییەکانی. جەنەڕاڵەکانی هەڵدەخرێنیت و کودەتایان پێ بەرپا دەکات. بە ئاگر و ئاسن وەلام دەداتەوە و هەنگاوی لەو جۆرە بۆ کپکردنەوەی بزووتنەوە نارەزایەتییەکان سوودمەندە! کودەتای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ی زەعیم عەبدولکەریم قاسم نموونەیەکی لەو بابەتەیە.

بزووتنەوە جەماوەرییەکانی ئەم دوایيانەی فلپین و پاکستان و سودان سەیربکەین بە تایبەتی ئەوەی سودان : کریکاران و زەحمەتکیشان لە دژی گرانی و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان ڕژانە سەر جادە. لە درێژەی نارەزایەتییەکەدا حکومەتی ناوزڕاوی جەعفەر نمیری لە کار خرا و جەنەڕاڵەکان حوکمیان گرتە دەست. ڕەحمەت لە کفن دز!!

کەواتە هەر گۆڕانێک لە سەتحی دەوڵەت گەورە بێت یان بچوک ڕوو بدات, لە ژێر فشار و کاریگەری هێزە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەڵگادایە.

ئەو پرسیارەی لێرەدا سەرهەڵدەدا ئەوەیە:

<u>زلکردن و قەبارە پیدانی کودەتایەکی سەربازی تا ئاستی ناوزەدکردنی بە شۆڕش لە ئەستوی کێدایە, دەبیت یەخەی چ لایەنیک بگیریت</u> ؟؟

بیگومان ئەوەی دەوری لە چەواشەکارییەکەدا بینیوە, دەستە و گروپ و هێزە سیاسییەکان بوون, بە تایبەت باڵی چەپی بورژوازی کە نوینەرایەتییەکەی بە دەست پارتی کومونیستی عیراقییەوە بووە!

ئەم بیرە چەواشەیە لە سەرەتای هەشتاکاندا لە ناو چەپی رادیکالی غەیرە کریکاریدا وەك مەیلیك کە گروپی بلاوکراوەی (کار ) نوینەرایەتی دەکرد, رەواجی پیدەدرا! ئەو دەستەو گروپانە بە کۆن و نوێیانەوە مایە پووچ دەرچوون و ئیفلاسیان کرد.□

کۆتایی کانوونی یەکەم ١٩٩٠ سلەیمانی

*دیوانی شیعری: بە هۆرەی کام کێو ئاشنای؟ /١٩٨٤*

سەعەشیت

## ئەکرەم عەلی

حەمەسەعید کریکاریکی ئیشکەر و عاقلە, ڕوژانە لە مەیدانی کریکاراندا هیزی کاری هەرزانفروش دەکات, معامەلەی نامروڤانەی خاوەنکار وای لیکردووە, هەست بە چەوسانەوەیەکی گەورە و گران بکات:

{.. چاوەڕوانی کڕیاریکمان دەکرد کە دەهات بە دوو چاوە زەقەکانی بە سەرتاپاماندا هەڵیدەڕوانی, ئەکەر پیی شەرم نەبووایە وەك مەڕ بکڕیت دەستی بە کەمەر و بڕبڕەی پشت و خوار پشتوینەکەشماندا دەهینا ..}

{... ـ: ئەی هەتا ئەم منالّە وردکانە هەبن بو یەن بەلای من و تودا... گوم تیکرد بۆچ ژیانیك.. پشووی هاوین بۆ گیانی ئیمە دانراوە تا سەعات چەند ئارەزوویان لیبیت ئیشیان پیئەکەن و نیوە قیمەتیشیان ئەدەنی, وەڵلا چی؟ منالّن..} *

چەوسانەوەی وەحشیانە وای لیکردووە خۆزگە بە سەگیك لە ئەورووپا بخوازیت:

{... ـ: خۆزگە سەگیك بوومایە لە ئەورووپا بژیامایە ...}

وادەزانیت خەلکی ئەورووپا و ئەوەی دەچیت دەگی مەزبووتە و ژیانیان خۆشتر و باشترە:

{... ـ: خەڵک چۆن ئەژی ئیمە چۆن ئەژین؟ کاکم چاکی کرد ماڵ و مناڵی پیچایەوە و تیی تەقاند ئیستا وەك پاشا ئەژین لە هیچیان کەم نییە لە ئەورووپا ...}

کریکارەکەمان لە پلەیەکی دیاریکراوی هوشیاریدایە و تەنیا ڕەدیك بو چەوسینەرانی هەبیت تفو جنیو و بە نەعلەت کردنە:

{... پاشان تفیکی دەکردە ڕووی شوستەکە و چەند هەنگاویکی دەناو ئاوڕیکی لیئەدامەوە

ـ: دەی فەرموو با مل بشکینین ئەمڕۆشمان فـت, ئەمڕۆش گەوادیك نەبوو بلّی کەرتان بە چەند ؟ ...} **

کریکارەکەمان لەو پلە هوشیارییەدا بمایەتەوە زۆر باش بوو, بەڵام بە داخەوە وردە وردە هوشیارییەکەی دیتە خوارەوە! لە ختوخۆڕایی تاوانیك بە کوڵکییەوە دەکریت:

{... ئافرەتیکی زەیستانی نیوە مردوو بە دیار لاشەی ساوایەکی ناسکی تەمەن یەك ڕۆژی خنکینراو هەنسکی وشکی هەڵدەدا ...}

تاوانەكە تەبریریكی لاوازی بۆ هێنراوەتەوە گوایە چەوسانەوە سەرچاوەكەیەتی:

{... ـ: چۆن دەهێلم منالم وەك خۆم لەم گواوەدا بژی, با لە دایك ببیت خۆم ئەزانم چۆن لەم لیتاوە گەورەیە ڕزگاری دەكەم ...} ***

چیرۆكنووس وازی لیناهینیت و بە زۆری زۆردارەكی هیندەی تر قوڕەكەی بۆ خەست دەكاتەوە و چارەنووسیكی ڕەش بە بالای دەبڕیت, شیت و دەربەدەری دەكات:

{... ئیستا بە جادەكاندا دەسوڕیتەوە و منال گالتەی پیدەكەن

ـ: سەعەی كلۆل نازانم مردوویت ماویت؟ ئاخۆ ئیستا لە كوێ بیت لە چ شاریك لە ناو چ گەراجیكدا لەبەردەرگای چ مزگەوتیكدا شڕەوپڕەی دنیات لە خۆ كۆكردبیتەوە و ڕاكشا بیت؟ ...} ****

چیرۆككگیڕەوە كریكاریكی هاوڕیی حەمەسەعیدە, چیرۆكنووس هاتووە حالەتی ( ئەرەق )ی بەسەر ئەو كەسەدا سەپاندووە! ئەم حالەتە سایكولوجییە زیاتر تووشی كریكارانی بیكار دەبیت, نەك كریكارانی سەركار.

ئەو كەسەی ژیانی لەسەر ئەو جۆرە كریكارییە بیت, هیندە ماندوو دەبیت كە بۆ مال دەگەڕیتەوە خۆی بە قنگەوە ناكریت زوو خەپ دەبیت

یان زوو دەخەویت بە خاتری ئەوەی سبەینی زوو خەبەری بیتەوە. بە پیچەوانەوە ئەوە کەسە بورژوازی و وردەبورژوازییەکانە دادەبیدادیانە بە دەست ئەو حالەتەوە.

{... ئەو ڕۆژانەی کە سەعات چواری ئیوارە بە جلوبەرگی گەچاوییەوە دەگەڕیتەوە هەر کە لە سیلەی کۆڵانەکەوە دەردەکەوم تریفە بە ڕاکردن بە خلەخل بەرەو ڕووم دیت, دڵم لە مستمایە, تازە کەوتوتە سەرڕێ, سەرسمیک نەداو بکەویت. کە دەیگرمە باوەش توند بە سنگمەوە دەینووسینم و خۆمان دەکەین بە ماڵا ...}

ئەوەی سەرەوە گیڕانەوەی حاڵەتیکی عاتفی هاوڕی کریکارەکەی حەمەسەعیدە. موتابعینی کورتە چیرۆکی *کوردی* نموونەی لەو جۆرەی زۆر بەرچاو کەوتووە. یەکەمجار (*حسەین عارف*) لە کورتە چیرۆکی (*خوڵ و باران و زەوی*)دا بەکاریهیناوە, زۆریتریش ئەو ڕیچکەیان گرتووە. تا ڕادەیەك سواوە! بوون و نەبوونی ئەو پەرەگرافە لە نرخی چیرۆکەکە کەم ناکاتەوە.

فەراموشکردنی عونسری وەخت لە کورتەچیرۆکدا سەلیقەی گەرەکە و بە ئەرکیکی گرنگی چیرۆکنووس دەژمیرریت. لەم کورتە چیرۆکەدا

هەرچۆن حساب بۆ ئەو لایەنە بکریت, کورت دەهینیت! دەبینین ماوەی چیرۆکەکە لە سەعات تیپەڕیوە و شەویکی دوور و دریژی خایاندووە!!؟

پەراویز:

*ئاشکرایە منالٌ و قوتابیان لە هاویناندا دەخرینە بەر کار کردن, زۆریشیان ناچنە قوتابخانە و ملیانداوە بە کاری بەردەوام! لە وەرزی هاوین و پشووی قوتابخانەکان منالآن بە لیشاو ڕوو دەکەنە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی کارکردن! ئەم ڕووکردنە کارە دەبیتە هۆی کەم کردنەوەی کار و هاتنەخوارەوەی ڕۆژانەکار و بیکاری زیاتر بۆ کریکارانی دائیمی ڕشتەکە. ئەوانە منالّی خیزانە زەحمەتکیشەکان, ئەوە باری گرانی گوزەرنە بۆ مەیدانەکانی کار بەکیشیان دەکات! کریکاری هوشیار و بەئاگا بیزار و وەرست نابیت, لەو حالەتە تیدەگەن.
پرسیار لە چیرۆکنووس ئەوەیە: ئایا گرفتی سەرەکی کریکاران تەنیا لە هاویناندایە؟

** جنیو و تف و نەعلەتباراندن موویەك چییە لە گیانی سەرمایەداران ناکاتەوە. بەلکو ڕەخنەگرتن و کنەکردن و لیدانی بەرژەوەندی و هوشیاری چینایەتی و هەولّدان بۆ گۆڕینی وەزع و شارەزابوون بە زانست

و فەلسەفەی چینی کریکار و تەعمیم کردنی و دەربازبوون لە خوودی چینی کریکار و گرتنە ئەستۆی ڕزگاری گشت کۆمەڵگا و ئامانج کومەڵیک بیت مرۆڤ نەچەوسینیتەوە و ئامرازی بەرهەمهینان بۆ هەمووان بیت, کاریگەرترە.

*** ئەو ژن و پیاوە یا ئەوەتا لە کونە دیوار هاتوونەتە دەرەوە یان لە ئەستیرەی مەریخەوە هاتوون! ئەگەر وانییە, بۆچ لە کاتی منالّبوونەکەدا کەسیان لە دەور نییە؟ لەو جۆرە حالەتانەدا ئسولەن یان بۆ خەستەخانە دەچن یان مامانیک بانگ دەکریت. ئەگەر کەس و کاری ژن و پیاوەکە پیاڕانەگەن, هانا بۆ نزیکترین دراوسی دەبرریت.

چیرۆکنووس کارەکتەرەکانی لە پەیوەندی کومەلایەتی تەجرید کردووە؟! ئەمەش بە خاتری ئەوەی کەس نەبیت بەرگری لە منالّەکە بکات! دەوری دایکەکەشی لە بەرگری کردن لە کۆرپەلەکەی کردووە بە ژیر لیوەوە! سیناریۆیەکی ڕەشی قەترانی وا لە نیو ژیانی واقعی کریکاراندا زۆر دەگمەنە قابیلی قبول نییە تەنیا لە عەقلی چیرۆکنووسدا جیگای دەبیتەوە!

هەلّبژاردن و پیشاندانی حالەتیکی زۆر دانسقەی وا بۆ خۆی بەجۆریک لە دژایەتی چینی کریکار دەژمیرریت!

به پيچه‌وانه‌وه زوربه‌ى زۆرى كريكاران ئه‌و بيره نه‌زۆكانه ڕه‌تده‌كه‌نه‌وه. منالآن هه‌رچييه‌ك بن موسته‌هه‌قى ژيانن, له كۆڕى ژيان و خه‌باتدا خۆيان ده‌سه‌لمينن و له دايك و باوكيان ناچن. شيوه‌ى ژيان و تيكۆشان و به‌ڕه‌نگاربوونه‌وه‌ى نوێ دژى چه‌وسينه‌رانى ڕه‌نگاوڕه‌نگ داده‌هينن.

****بۆچ كريكاره ئيشكه‌ر و عاقله‌كه شيت ده‌بيت؟ هۆى شيت بوونى به ناڕۆشنى ماوه‌ته‌وه؟! چيرۆكنووس ده‌يتوانى هۆى شيت بوونه‌كه بۆ خنكاندنى مناله تاقانه‌كه و په‌شيمانبوونه‌وه يان ...... بگيڕايه‌ته‌وه.

له ئه‌ده‌بى كورديدا له‌م جۆره چيرۆكانه كه باس له خۆكوشتن و شيت بوون ده‌كه‌ن زۆر زۆره! به پله‌ى يه‌كه‌م بۆ ناكاملى فكرى چيرۆكنووسان ده‌گه‌ڕيته‌وه.

كه‌سيك بيه‌وێ باس له كريكاران بكات, به لايه‌نى كه‌مه‌وه هيچ نه‌بيت ده‌بيت ماوه‌ى چه‌ند ساڵيك كريكارى كردبيت و معايه‌شه‌يانى له نزيكه‌وه كردبيت هاوكات ئالآهه‌ڵگرى بير و فه‌لسه‌فه‌ى ماركسيزم لينينزميش بيت.

ڕووتكردنه‌وه‌ى كريكاران له سيفه‌تى پوزه‌تيف و شۆرشگيرانه‌ى و لكاندنى سيفه‌تى چينه‌كانى‌تر پييانه‌وه ناچيته خانه‌ى ئه‌ده‌بى

کریکارییەوە.

ناوەراستی ئازاری ١٩٨٥ سلەیمانی

## جارێکیتر سەعەشێت

بەرگری لـــە خۆ کـــــــردن بە شێوەی زانستی مافی حاشاهەڵنەگری هەر مرۆڤێکە. بەڵام لەوە دەچێت رەخنەگرتن لای هەندێک کەس بە هێرشکردن و تاوانەپاڵدان و لەقالبدان و محازەرەدادان بژمێررێت!

بەکارهێنانی وشەگەلی وەك: مێگەل, حەزیرە, زەلکاو, لیتاو, گوواو, هتد..., بۆ واقعی خەلك جۆرێکە لە سووکایەتی و کورتبینی!

بە پێچەوانەوە خەڵکی نەخەساون و لە فەراغی فکریدا ناژین و گیانی بەرگریشیان تیدا هەیە و ماوە , بە یاسا جەدەلییەکەش لە بزووتنەوەدان, خەوشێکی بچوکیش هەبیت ئەوەیە جووڵەیان پچڕپچڕ و تاکڕەوانە و ناوچەگەری و پەرش و بڵاوی و نا یەگرتوویی پێوە دیارە:

- لە شەری کۆنەپەرستانەی ئیران ـ ئیراقدا فلان کەسیان بە مووشەکی زەمین بە زەمینەوە بەستەوە و تەقاندیان!!

ـ لەسەر لاشەی کوژراوی یان ڕاستتر ڕەمیکراوی فلان سەربازی بەرەکانی شەر کە دەدرایەوە بە کەس و کاریان لێی دەنووسرا جەبان ‼
ـ لە بەفری ناوچەی **پێنجوێندا** فلان سەرباز لە داخاندا خۆ دەکوژێت!
ـ لە فلان هێرشدا چەند هەزار سەرباز خۆ بە دەست لەشکری **ئێرانەوە** دەدەن‼
ـ مانگرتن و خۆپیشاندانی سەراسەری کوردستان لە ساڵی ١٩٨٢.
ـ خۆپیشاندان و نارەزایەتی قوتانیانی زانکۆکان لە دژی بە زۆر کردن بە جەیشی شەعبی لە شاری **سلەیمانی** ـ ١٩٨٤ .

هوشیاری چینایەتی پالەوانی چیرۆك ڕوونکراوەتەوە, بە شان و باڵیدا هەڵنەدراوە بەلکوو وەك کرێکارێك بەر رەخنە دراوە. ئەوەش لەو دیدەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەبوایە حەمەسەعید هوشیارییە چینایەتییەکەی بەرەو سەر هەڵچوبایە نەك بەرەو دواوە بڕوات و کاری ناشایستەی لێبوەشیتەوە و منالە کۆرپەکەی بخنکێنی و دواییش شێت و سەرگەردان ببێت! هوشیاری چینایەتی هەردوو پالەوانی چیرۆکەکە دیاریکراو لە هەمان کاتدا جیاوازیشن, بیری حەمەسەعید چڕو پڕ و هەستیارترە و لەبەرامبەر نابەرابەرییەکاندا بێ هەڵویستی هەڵنەبژاردووە.

بەلام, کرێکارەکەی تر کە بەسەرهاتی حەمەسەعیدمان بۆ دەگێڕێتەوە بۆیە ماوە چوونکە خۆپاریزی و وێلی دوای نان کەوتوویەکی سرف بووەو خۆپاریزی کردووە بە پیشە, بۆیە دەڵێت:

{... من ئەوەندە تاقەتی گوێگرتنی سکالا و داخی دڵ هەڵڕشتنی ئەوم نەبوو, ئەوەی ئەو کاتە بیرم لێدەکردەوە, ئەوە بوو ئەو ڕوژەم چۆن لێبڕوات ....}

ئەم کریکارە تەنیا بەرپێی خۆی دەبینێت و دابراوە لە وەسەتە ئیجتماعییەکەی, هەموو شتێک دەکات بە قوربانی خیزانەکەی, بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێت:

{ ... لە باتی جاریک سەد جار گۆشت و ئیسقانم تێکەڵ بێت, نەک مناڵێک خوێن لە پەنجەی بێت ...}.

کۆتایی ئاياری ١٩٨٥ سلەیمانی

*گۆڤاری: کاروان ژمارە ٢٩ / ١٩٨٥*

## خۆڵەمێشی کارەساتێک

هیدایەت عەبدوڵلا حەیران

ڕۆژانێک لەمەوبەر, شاعیر عاشقی مرۆڤێکی نیشتمان پەروەر بووە. نیشتمانی ئەو مرۆڤ و شاعیرە بەدەست داگیرکەر و چەوسینەرانەوە ئازارە چەشتووە و ناڵاندوویەتی:

{ ... سەگرمەی سووتاو
ڕووباری تانجەرۆ, بێخاوەنە
پێویستی بە دڵنەوایی هەیە
سڕینەوەی فرمێسکەکانی ...}

گەواهی ئەوە دەدەن ئەو کەسە لە دڵەوە پێی ناخۆشە, بۆیە لەپێناویدا و بە مەبەستی دەستبڕینی زاڵمان دەداتە شاخ:

{... شاخی گلەزەردە, قەرەداغ
باوەشی بۆ دەکەنەوە ...}

کەسێک ڕێگای سەخت و هات و نەهات بگرێتەبەر, بەلای شاعیرەوە شایەنی ئەوەیە بەشانوبالایدا هەڵبدریت وشیعری بۆ بووترێت:

{... ئەو کەسە لە هیواکان مەزنترە
لە گۆرانییەکان بە سۆزترە ...}

هەتا دوێنێ بوو ئەو کەسەی شاعیر لێی کردبووین بە زۆرشتی پیرۆز, ئێستا جۆرێکی ترە, ڕەنگی خۆڵەمێشی گرتووە, زەفەری پێبرا و بۆتە سووری بەر لەشکر, ماسی پێڕاو دەکرێت و باڵی پێدەشکێنرێت, سەگ و پشیلە و چۆلەکەی پێ برسی و ڕووباری پێشلێو دەکرێت و ...هتد!

ئەم گۆڕانە کتوپڕە ناوەختە بەلای شاعیرەوە کارەساتێکی جەرگبڕە! هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد لە چاوتروکانێکدا کەسی جێی هیوا و خۆزگەکانی وای بەسەر بێت! شاعیر دەسڵەمێتەوە و هەڵوێستگرتنیشی لەوەدا خۆ دەنوێنێت:

ئیتر بە تەمای نابێت, فرمێسکی بۆ نارِێژێت, برینی سارێژ ناکات, بە تەواوی پەیوەندی لەگەڵدا دەپچرێت.

بڵاوکردنەوەی ئەم شیعرە خۆی لە خۆیدا هەست کردنی شاعیر بەرانبەر ئەو بارە ناخۆشەی بزووتنەوەی چەکداری کورد گیرۆدەی بووە, دەگەیەنێت. شاعیر ناهەقی نییە کە دەبینێت تاك تاك و کۆمەڵ کۆمەڵ ئەوانەی لافوگەزافی کوردایەتی و شۆرشگێرییان لێدەدا , قسەی لە خۆ گەورەتریان دەکرد و کەسیان لە خۆ بە شۆرشگیر تر نەدەزانی, ڕیزیان بەستووە بەرەو باوان دەبنەوە و لە هەڵوێیەتی کەوتوون و خۆ دەخەنە باوەشی داگیرکەران و بکوژانی کریکاران و زەحمەتکێشانەوە!

ئایا بە هاتنەوەی ئەوانە مەسەلەکە کۆتایی پێدێت؟

ئەو کۆر و کۆمەلانەی مەسەلەیەکی وا گرنگ و دیموکراتییان قۆستۆتەوە، نوێنەرایەتی چ چین و توێژاڵێك لە کۆمەڵدا دەکەن؟

بێگومان نوێنەری کرێکار و زەحمەتکێشان نیین. بە پێچەوانەوە نوێنەرایەتییەکەی بە دەستی بۆرژوازییەوەیە. ئەو چینەش قابیلی پشت پێبەستن نیین و چاوەڕوانی کاری باشیان لێناکرێت و خائینن و دەمێکە لە شۆرشگێری کەوتوون و نوقمی کۆنەپەرستین.

- ئەو کەسەی شیعرەکەی بۆ وتراوە، ناسنامە چینایەتییەکەی ون و نادیارە! بۆچی؟

شاعیر وەلامی پێ نابیت، چونکە لە کاتی بۆهاتنی شیعرەکە، بیری لەو پرسیارە نەکردۆتەوە!

- چ هۆیە بووە پاڵی ناوە بە پاڵەوانەکەوە تا واز لە خەبات بهێنێت و ببێتە جاش؟ شاعیر ئەو کەسەی تەسکبین کردووە، یەك ڕێگای خستۆتە بەردەم؟

بە پێچەوانەوە هەر لەو جۆرە کەسانە هەبووە دوای دانیشتنیان لە پیشمەرگایەتی نەك ڕێگای چەوتی نەگرتووە بەلکو ئەو قۆناغەی رەخنە کردووە و چاوی بڕیوەتە بزووتنەوەی پیشڕەوتر.

ـ شیعرەکە کاریگەری شیعرە بەناوبانگەکەی شاعیری **عەرەبی ئیراق** *مزەفەر ئەلنەواب* بە ناونیشانی پاکانەی پێوە دیارە کە *دڵشاد مەریوانی* زۆر جوان کردوویەتی بە کوردی.

لە دوا قسەدا ئەم بەرهەمە بێجگە لەوەی گیانی بەرگری و سووربوون لەسەر خەبات و شۆرشی تیا بەدی ناکرێت لە هەمان کاتدا جۆرێک لە دەستەوەستان و دڵساردی لەبەردەم واقعێکی تفت و تاڵ و نەفرەت لێکراودا بەیان دەکات!□

کۆتایی نیسانی ١٩٨٦ سلەیمانی

*هەفتەنامەی: هاوکاری ژمارە ٨٣٥/ ١٩٨٦/٤/١٠*

## گوێدرێژەکان

ئەکرەم عەلی

ئەم چیرۆکە تا ڕادەیـــەکی زۆر لـــە دوو زیندەوەر دەدوێت: ئادەمیزاد و ئاژەل ـ کەر. ئەو دوانە لە کار و چالاکی فیسلۆجی هاوبەشن, کە پرۆسەی خواردن و ووڕکَ پڕکردنە, هەر یەکە و بە شێوەی خۆی.

چیرۆکنووس بەم شێوەیە ئەو پرۆسەیەمان پیشان دەدا:

{... گوێدریژەکە زۆر بە پەلە و بەبێ وەستان پڕ بە دەمی قەپاڵی بە قەرسیلەکەدا دەکرد, هەروەك پەڵە قەرسیلەکە باڵ بگرێتەوە و بفڕێت و لە دەستی دەربچێت, یا ڕەوەیەك گوێدرێژی برسی بگەنە سەری و بەشی ئەم نەهێڵنەوە.

ورکَ زلەکەش بەهەمان دەستوور دەیڕوانیە سەر مێزە بە خواردن داپۆشراوەکە و دەمیشی لە جووڵە نەدەکەوت ...}

گوێدرێژەکە بەغیل و چاوچنۆکە, تەنیا بەر لووتی خۆی دەبینێت, پیاو ئەو پیاوەیە هەڵپە بکات, ئیتر لەسەر حسابی هەر کەسێك بێت, یان بە هەر ڕێگایەکی ناشەریفانەیتر بێت گرنگ نییە!

لە ناو ئاژەڵاندا ئەو جۆرە کار و کردەوانە و زۆر سروشتی و ئاساییە, جێی سەرزەنشت نییە. ئەی بۆچی چیرۆکنووس هەمان ڕەفتار و کار و کردەوەی بەو ئادەمیزادە بەخشیوە و لێکچوونی لەنێواندا درووست کردووەوە؟!

{... لەسەر کورسییەك کابرایەك دانیشتبوو, ورگی لە مێزەکەی بەردەمی تەند بوو بوو ..}

ورگً زلبوون مەرجی سەرمایەداربوون نییە, هەرچی ڕیشی سوور بوو هەمزاغایە؟ ئەی باشە ئەو ورگە زلەی چۆن پەیدا کردووە؟ تۆ بڵێیت ورگً زلییەکەی بە ویراسی بۆ مابێتەوە؟

ـ بێگومان, نەخێر.

چیرۆکنووس هۆیەکەیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە:

{... بە پەرۆشەوە لاقە مریشکێکی سوورەوەکراوە دەکراندەوە ... ورگً زلەکەش بەهەمان دەستوور دەیڕوانییە سەر مێزە بە خواردن داپۆشراوەکە و دەمیشی لە جووڵە نەدەکەوت.. }

{... ورگزلەکە قەپالێکی لە سێوەکە گرت و فڕێیدا, دەستی برد لە ناو قاپە پڕ لە میوەکەدا پرتەقاڵێکی هەڵگرت... قرقێنەیەکی لێداو بینی نا بە

پەرداخە بیرەکەوە... ورگزلەکە چروتێکی ئەستوورە داگیرساند و کەوتە مژلێدانی ... }

ئەو خۆشگوزەرانییە بە ڕەنجی شان و ئارەقەی ناوچەوان بەدی هاتووە؟

گوێدرێژەکە ئەو تێترانە نائاساییەی کابرای بەلاوە غەریب دەبێت, بۆیە بەسەرسووڕمان و بەغیلییەوە, دەڵێت:

{ ... تۆ بڵێی هەموو ئادەمیزادێك وەکو ئەم کابرایە لە خواردن و خواردنەوە بەولاوە هیچ کارێکی تریان نەبێت؟! .. }

جیاوازی ئەو کابرایە لەگەڵ خەڵکی ئاسایدا ئەوەیە ئەم لە جیاتی ئاو بیرە دەخواتەوە! لە جیاتی جگەرەی ڕۆسمەن و گریفن, جگەرەی چرووت دەکێشێت! خەڵکی خزمەتی خۆیان دەکەن, ئەم خەڵکی ڕاگرتووە بۆ خزمەتکردن!

{...ئیشارەتێکی بۆ خزمەتکارەکانی کرد بە جووتە چوونە ژێر باڵییەوە بەرە و ئۆتۆمبێلەکەیان برد ... }

دەبوایە چیرۆکنووس مۆدیل و جۆری ئوتومبیلەکەشی دەسنیشان بکردایە.

سەرمایەدارەکە لە چاوی خۆیەوە شتەکان دەبینێت و دەپێویت, وادەزانێت کەس برسی و هەژار نییە و هەموو تێر و تەسەلن!

{... وا دیارە ئەم کەرە بەختەوەرترین کەرە لە جیهاندا, نە کەریتر سەرودڵی دەگرن و بێزاری دەکەن, نە گرفتی قەرسیلی سەوز و ناسك و ئاوی سازگاری هەیە, هەر تەنیا ماکەرێکی کەمە, ئەویش بوایە وەکو مەلیك دەژیا }

ئەو مەنەلۆجە لەو حالەتەوە سەرچاوەی گرتووە کە سەرمایەدارەکە نەك لە دوژمنی سەرەکی کرێکاران, بەلکوو لە هاوچینەکانیشی دەترسێت!

لە ئاخروئۆخری چیرۆکەکەدا لایەنێکی شاراوەی سەرمایەدار دەردەکەیت:

{...ئیشارەتێکی بۆ خزمەتکارەکانی کرد بە جووتە چوونە ژێر باڵییەوە, بەرەو ئوتومبیلەکەیان برد, قاچە ئیفلیجەکانیشی لە بۆشایی نێوان دوو خزمەتکارەکەدا وەك جۆلانە دەهات و دەچوو ... }

{_ لە بەیانییەوە ئەم کابرایە لێرەدایە نەمدەزانی بێ قاچە ... }

چیرۆکنووس بەر لە ئیستا سەرمایەدارەکەی لە ڕیزی ئاژەلێکی وەك کەر پیشاندان, کەواتە مەبەستی ئەوەیە: سەرمایەدارانی ئەم دەڤەرە

## بێمێشك و سەقەت و ئیفلیجن وەك سەرمایەداری ڕاستەقینەی تەسەرف ناكەن!

لەم چیرۆكەدا, شوێن یان شوێنی ڕووداوی چیرۆك نزیك و تەنیشت ئاشێكە, چیرۆكنووس بە پێچەوانەی واقع و مەوقعییەتی چینی سەرمایەدارەوە جوولاوەتەوە! ئاشكرایە ئاش لە هەر شوێنێكدا بێت گرمە گرم و تەپەتەپكەی دەبێتە مایەی بێزاركردن بە تایبەتی لە شوێنی چۆڵدا, هەرچەندە لە چیرۆكەكەدا جۆری ئاشەكە دیاری نەكراوە!؟

{لە بەیانییەوە ئەم كابرایە لێرەدایە نەمدەزانی بۆ قاچە }

بەو مەنەلۆجەی گوێدرێژ چیرۆكەكە قفل بدرایە گونجاو و كۆتاییەكی سەرنجڕاكێشی بە نسیب دەبوو!

چیرۆكنووس لایەكی لەكارەكتەری ئاشەوانەكەیش كردۆتەوە, وەك كرێكارێكی كرێگرتە پیشانی داوە:

{ئەگەر خاوەنەكەم ئاشەكە هی خۆی بوایە ئیستا ئەویش وەكو ئەم كابرایە لەم خۆشگوزەرانییەدا دەبوو, ڕەنگە ئەو كاتە منیش لەو تەویلە تاریكە ناسازە ڕزگارم ببوایە }

مادام كرێكارێكی كرێگرتەیە, كەواتە ژیانێكی شایستە بە مرۆڤان ناگوزەرێنێت, نەك خۆی بەلكوو ئەوانەی لە دەوریشین خراپ دەژین:

{... تۆ بڵێی هەموو ئادەمیزادێك وەكو ئەم كابرایە لە خواردن و خواردنەوە بەولاوە هیچ كارێكی تریان نەبێت؟ ئەی بۆچی خاوەنەكەی من وا ناكات؟ ...}

{... ئەگەر خاوەنەكەم ئاشەكە هی خۆی بوایە ... ڕەنگە ئەو كات منیش لەو تەویلە تاریكە ناسازە ڕزگارم ببوایە, كێ, دەڵێت لە باركیشانیش ڕزگارم نەدەبوو؟ ...}

ئەو مەنەلۆجە لەگەڵ ئەوەی سكالایە لە هەمان كاتدا خۆزگەو خاواستێكە بۆ ژیانێكی باشتر.

لە كۆتاییدا, چیرۆكنووس لەم چیرۆكەیدا هەنگاوی گرنگی بۆ پێشەوە ناوە, لەو بابەتانەی كە گوزارشت لە خۆخواردنەوە و یاخی بوونی تاك و ڕەشبینی وخولخواردن بە دەور سێكس و ... دەكات تێپەڕاندووە و بەرەو مەسەلە گشتییەكان چووە. قابیلی دەستخۆشی لێكردنە, هەر چەندە بێخەوش نییە. □

تەمووزی ١٩٨٥ سلەیمانی

*گۆڤاری: كاروان ژمارە ١٧ /شوبات ١٩٨٤*

## ئەچم بۆ شاری شووکردن بۆ نانی گەنم خواردن

**سەردار فەتاح ئەمین**

حیکایەتەکە لە قالۆنچەیەکــی عەیارباشی دەدوێت و ڕازی نابێت وەك تەنێکی ئاسایی سـەیربکرێت, ڕێزدار و سەنگین بێـــت, خۆ گەر یەکێکی نەشارەزا بە جۆرێك معامەلەی بکات, واوەیلا بەحاڵی, هەرچی قسەی ناشیرین هەیە بەسەریدا دادەبارێنێت:

{... شکڵت مرێ, گۆجە, تۆش بووی بە شت, لنكێ نەگری ... }

قالۆنچە هەوەسی شووکردن لە کەللەی داوە, بۆیە دەکەوێتە گەڕان ـ های گۆشت, بەڵام بە چەند مەرجێك: یەکەم/ بە قەیرو حورمەتەوە سەیر بکرێت . دووەم / بەخێوی بکەن. سێیەم / قەیناکات لێی بدەن!

قانۆنچە یەکەم تەن شوانێکی نەشارەزای بەتووشەوە دەبێت. شوانە لەگەڵ چوونە پیشەوەیدا, قالۆنچە بە ڕوویدا هەڵدەشاخێت:

{... شکڵت مرێ, لنكێ نەگری
دانەمرکێی گڕ بگری
فەساڵت مرێ ... گۆجە ...}

ئەو پیاهەڵشاخانە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە شوانەکە رعایەتی یەکەم مەرجی قالۆنچەکەی نەکردووە و نەیووتووە:

{ ... نازێ نازێ
چارۆکە پیازێ
تەقنەقە کەوشێ
سۆڵ بنەوشێ, ئۆغر بێ؟ }

شوانەکە نەك لەبەرامبەر ئەو هێرشە تەوهینئامێزەدا ڕاناوەستێتەوە بەلکو ئامادەی قوربانیدانی زیاترە کەچی قانۆنچەکە ئاوا وەلامی ئەداتەوە:

{ ... بڕۆ شوو بە تۆ ناکەم
دەستم بە زاخا ناکەم! ... }

جووتیارێك بۆ ئەوەی بە دەردی شوانەکە نەچێت نەك زۆر بە جوانی لێی دەچێتە پێشەوە بەلکو ئامادەیە مەرجەکانی بە زیادەوە جێبەجێ بکات, بەڵام گەر هاتوو سەرپیچی کرد ئەوا دەبێت بە دارکاری کردنی ڕازی بێت!

قالۆنچە لە قووت کردنەوەی ئەو مەرجە دەسڵەمێتەوە بۆیە ناڕازی بوون بەم شێوەیە پیشان دەدا:

{... ئەی گوایە من دەنگ نەکەم؟!

برۆ لەم ناوە لاچۆ

من خۆم , ناخەمە دەست تۆ ...}

سەرئەنجام قالۆنچە لەگەڵ مشکێکدا ریکدەکەویت و چەند ساڵ لەسەر خوانی ئاغایەك کاری خۆیان مەیسەر دەکەن.

رۆژیك قالۆنچە بە یاوەری مێردەکەی بە نیازی چوونە زەماوەند دەچێت گەرماویك بکات, بێ هیچ هۆیەکی گونجاو مشکەی مێردی بەجێی دەهێڵێت! قانۆنچە قاچی دەترازیت و دەکەوێتە ئاوەکەوە.

لەولاشەوە مشکەکە دڵی خەبەر دەدا کە کاریکی خراپ لە قالۆنچەی ژنی رِوویداوە, بەلام بە هۆی هاتنی میوان بۆ ماڵی ئاغا و مەشغول بوون بەوانەوە ناتوانی بچێتەوە بۆ لای قالۆنچەکە.

وەختی دڵخەبەردانەکەی بە راست دەردەچی کە گوێی لە قسەی یەکێك لە میوانەکان دەبێت دەڵێت گوێی لە دەنگێکی نادیار بووە وتوویەتی:

{ ... لادەرە ماڵی ئاغا

بڵێ بە چیچان ئاغا

خانمە جوانێ لە قورِەلیتە

نەی ماوە, ئەو قیتە قیتە ... }

بەرەو شوێنی دیاری کراو دەچێت, سەیر دەکات قالۆنچەی بەناز هەموو گیانی وەك شۆرەبی دەلەرزێت, دەڵێت:

{ ... نازێ لاوەکە

وێرمەنە, دەی وێرمەنە

دەرچۆ لە ئاو بێچەنە! ...}

ئەویش بە گلەیی و نارەزایەتییەوە دەڵێت:

{ ... نە وێرمەنە

چی بوو ئا ئەم گۆبەنە!؟ ... }

مشکە لەو وەڵامە دڵگران دەبێت و لە جیاتی ئەوەی قالۆنچە ڕزگار بکات بۆ چارەنووسێکی ڕەش و نادیار بەجێی دەهێڵێت!

لەولاوە فیلێکی زەبەلاح پەیدا دەبێت و بە پێیە پانەکانی قالۆنچە دەپلیشێنێتەوە!!؟ ئیتر لەو ڕۆژەوە قالۆنچە لە سەرەڕێگا و باناندا دەبینرێن, ویزەویزیانە, لاوانەوە و چیرۆکی بەدبەختی و بێوەفایی بە گوێی خەلکیدا دەدەن.

ئەو تەنانەی لەم چیرۆکەدا کێن و چیمان فێر دەکەن؟ شوانەکە نەك کەسایەتییەکی بەهێز نییە بەلکوو گیانی نۆکەرایەتیشی تێدایە لەبەرامبەر ناهەقیدا بێدەنگەی لێدەکات!

جووتیارەکە وریایانە هەڵسوکەوت دەکات, هەوڵ دەدا قالۆنچەکە بخاتە چالەکەی خۆیەوە.

مشکەکەش وا خۆی پیشاندەداکە:

{... چیچان ئاغام , پیاوە ماقولم
کەوابێ لە ماڵیشدا ئاغا و سەرگەورەو لێپرسراوی زەخیرەشم
لە هەموو کاسەیەکدا کەوچك دەبم ...}

دوای بە ئامانج گەیشتن دەردەکەوێت وانییە شتێکی ترە:

{... کاری خۆیان پەرەدا
لەبەر خوانی ئاغادا
خزمەتکاری, وا نابێ
تاکو دنیا, دنیا بێ ...}
{... لەگەڵ چیچان چالاك
بە جووتە, هەردوو بێباك
خزمەتچی دیوەخان بووین ...}

مشکەکە وێرای ئەوەی کەسایەتییەکی فیلاوییە لە هەمان کاتدا کوری ڕۆژانی تەنگانەش نییە!

کەواتە قالۆنچەکە خەوشدارە و دۆست و دووژمن نەناسە، بۆیە لەو کایەیەدا سەری تیادەچێت!

<u>ئەگەر ئەدەب گیانی بەرگری و هاندان و شۆرش کردن لە ناو جەماوەردا نەچێنێت، ئەبێت بوونی چی بێت؟</u>

ئەدەب زمانحالی جەماوەر بێت، زەوی ناکەوێت و دەقۆزرێتەوە و دەبێتە وێردی سەر زاران تا ڕادەی لاسایی کردنەوە. نموونەی ئەو جۆرە ئەدەبەش زۆرە: ڕۆمانی **دایک** و شانۆنامەی **دوژمنان** ی **گۆرگی**، ڕۆمانی **ڕێبەر** ی ***مەهدی حسین***، ڕۆمانی **نینا** ی ***سابت ڕەحمان***، و ...

*لینین*، هەموو کاتێ ئەوەی داوە بە گوێی **گۆرگی**دا:

تۆ لە ناو خەلکی ڕەش و ڕووتەوە هەڵقولاوی، لە زمانیان باش دەزانیت، ئەدەبەکەت بە زمانی ئەوان دەدوێ، لێت تێدەگەن، قسەکانت لە دڵیاندا جێدەگرێت، تۆ لە سیاسەتمەدار و کەسانی تر جیاوازیت، هەڵەیەکی بچوک دەبێتە هۆی چەواشە بوونیان. □

ئەیلوول ١٩٨٥ ـ سلەیمانی

*گۆڤاری: کاروان ژمارە ٣٤ / ١٩٨٥*

دیوار

## ڕەئووف بێگەرد

ئەحمەد کوڕی یەکێ لەو کۆڵانە تەسـک و تروسکەکانی گەڕەکێکی هەژارنشینی شارە. مام سەعیدی باوکی بە قەتارچێتی بژێوی خۆی و خێزانەکەی دابین دەکات. لەبەر هەژاری و نەداری ئەحمەدی کوڕی لە قوتابخانە دەردەهێنێت, بۆ ئەوەی هیچ نەبێت لە هەڵسوڕاندن و بەڕێوەبردنی مالەکەیاندا چمکێک و کەلەبەرێک بگرێت.

ئێستا ئەحمەد لە هەرەتی لاویەتیدایە, هەروەک بە کۆنە دەزگیرانەکەی دەڵێت: ١٠-١٢ ساڵ, لە ژیانی تێپەڕتوە. گەورە بووە, مرۆڤێکی کاملە و لە جیهانی کاردا نەبۆتە سپڵی لاوورکێ و کاربەدەست, بازرگان, بەڵێندەری گەورە و زەبەلاح نییە. بەلکوو بژێوی بە کرێکاری لە بواری بیناسازی کاری گەچکاری, پەیدا دەکات.

ئەحمەد کەسێک نییە بە هۆی بارێکی تایبەت کە بەسەر **باشووری کوردستان** ـ دا بە تۆپزی سەپێنراوە: نە ئاواییەکەی حکومەت سووتاندوویەتی, نە لەخزمەتی سەربازی ڕایکردووە و نە لە حکومەت عاسییە. نە خەلکی ئاوایی سەر سنوورەکانە کە بە هۆی شەری نەبراوەی بزووتنەوەی چەکداری **کورد** و شەری کۆنەپەرستانەی **ئێران و ئێراقەوە**

ئاوارە بوو بێت, لەجووتیارییەوە تازە بە تازە  بووبێتە کرێکار.بەلکوو زەلامێکە دەست و پەنجەی هەر لەمناڵییەوە لەگەڵ کاردا نەرم کردووە, هێندە کۆنە نازانێت لە کەیەوە کرێکارە. بۆیە کاتێک کۆنەدەزگیرانەکەی لێی دەپرسێت: نەمناسیتەوە, ئەوە لە کەیەوە کرێکاریت؟

ئەویش دەڵێت: دەمێکە.

لە هەمان کۆڵان و هەمان گەرەك ماڵی مام سەعید دراوسێیەکیان هەبوو, پیاوەکەیان مووچەخۆرێکی حکومی بچوك بوو. ئەو دوو خێزانە جیاوازی ئەوتۆیان نەبوو, بە هەژاری و نەداریدا هاوبەش و شەریك شعوور بوون. ئەو خێزانە کیژێکیان هەبوو بە ناوی لەیلاوە, لەیلا لە قوتابخانە زیرەك و چالاك بوو.

لە پڕ ئەو ماڵە بروسکەئاسا سەریان لێتێك دەچێت و بار بۆ شارێکی تر دەکەن. ئێستا لەیلا شتێکی ترە و پلەی کۆمەڵایەتی گۆڕاوە, بۆیە سەتر نییە بە خۆ غەشیم کردنەوە بە ئەحمەد دەڵێت: نازانم کرێکاریت بۆ کردووین؟ نایەتەوە یادم.

ئەو کاتە لەو کۆڵانە ئەو دوو مرۆڤە ئەو دوو نەو نەمامە بناغەی یەکەم و دواهەمین دڵدارییان لە ژیاندا بنیات دەنێن, دڵدارییەکی پاك و

بێگەرد. ئەو پەیوەندییە بە هۆی کۆچی شووم و ناوەدەوە هەڵدەپڕوکێت و بە سەرئەنجام ناگات!

ئەو جووتە پاش ساڵەها بە ڕێکەوت لە سەرە ڕێگایەکدا بەیەك دەگەن, ئەحمەد مەیلی نوێ دەبێتەوە, دەیەوێت ڕازوگلەیی لەگەڵ دابمەزرێنێت, بەڵام بەرەو ڕووی هەڵوێستێکی چاوەڕوان نەکراو دەبێتەوە کە لە خۆگێل کردنی لەیلا دەبینرێتەوە, وەرچەرخانێکی پلە سەد و هەشتایی وا بەلای ئەحمەدەوە ئاسان نییە بۆیە لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستە دەستەوەستان نابێت, لە خەیاڵیدا لەیلا لە ناو دیواری کۆشکەکەدا ون و نوقم دەکات:

.... زیاتر چاوی لەو کۆشکە بڕی, لەبەر چاوییا لە هەموو لایەکەوە دیوارەکان هەڵکشان هەڵکشان دەرگای دەرەوە و پەنجەرەکایش, ناو کۆشکەکەیان شاردەوە....

بەڵام ئەحمەد وریایە و ناهێڵێت دنیای خەیاڵی شلێو و تەڵخ بێت:

...چاوی ئەم خەریك بوو بەرەو لیلی بچێت, زوو هەڵی گلۆفتن تا تەواو ڕووناك بوەوە....

ئەو کەسانەی وەستان بە تایبەتی ڕشتەی گەچکاری دەکەن هەندێك تایبەتمەندیان هەیە, ئەمان کەمێك درەنگ‌تر بۆ سەر کار دەچن لەبەر

ئەوە نان خواردنی چێشتهەنگاویان هەڵگرتووە و نییە. کاتژمێرێکی بمێنێت بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ دەست هەڵدەگرن, هەروەها ژمارەیان لە سێ کەس ـ وەستا و خەلفە و گەچگرەوەیەك ـ زیاتر نییە.

ئینتمای چینایەتی پاڵەوان دەست نیشان کراوە بەڵام دەبوایە وردتر دیاری بکردایە لە چ پلەیەکدایە وەستا, خەلفە, گەچگرەوەیە؟ ئەحمەد بە پێی ئەوەی دەمێك ساڵە لەو بوارەدا کار دەکات دەبوایە بگەشتایەتە پلەی وەستایی بەڵام چیرۆکنووس ئەو پلەیەی پێ ڕەوا نە بینیوە دەلاقەیەکی کردۆتە چیرۆکەکە!

سەر لەبەیانییەکی زوو (... خۆر چاوی خەواڵووە ...), دیارە وەرزی بەهارە بۆیە (... ڕێگا شێی لێکەوتووە ...) ئەحمەد برسییەتی, ملی ڕێگای گرتووە بەرەو چایخانەیەکی سەفەری بۆ نانخواردنی چێشتهەنگاو ئەمەیش رێك بە پێچەوانەی کرێکارانی ڕشتەی گەچکارییەوە کە لە تایمی کارکردنیاندا تەنها ژەمێك, نیوەڕوان نان دەخۆن! لەو پەرەگرافەدا ئەحمەد تاکە, بۆچ دوو کەسەکەی تری لەگەڵدا نییە؟ چیرۆکنووس لە هۆی دابڕانی هیچ نالێت؟!

گریمان تەمەنی ئەحمەد ئەو کاتەی پەیوەندی دڵداری لەگەڵ لەیلادا بەستبوو ١٤ ـ ١٦ساڵ بوو بێت؟ کەواتە ئێستا ئەحمەد لە ٢٦ـ ٢٨

ساڵیدایە. لایەنی زاڵ لەو قۆناغەدا: دەست هێنان بە خۆدا و دڵداری و شتی لەو بابەتە.

بەڵام ئەحمەد بە پێچەوانەوە وەك گەنجێکی دڵ مردوو دەستەوەستان و بێدەسەڵات دەبینرێت! بەلایەنی کەمەوە نەیتوانیوە دڵی شۆخێ بە لای خۆیدا ڕابکێشێت! گرنگی نەدانی بەو لایەنە هەستیارەیش ناگەڕێتەوە بۆ سیاسی یان مەزهەب بوونی!؟

لە تێکسیەکەدا کچ و کوری دوو خێزان بناغەی دڵدارییان دامەزراندووە, بارکردنی خێزانی کچەکە بۆ شارێکی تر دەبێتە بەربەست لەبەردەم ئەو پەیوەندییەدا. هۆی کۆچەکە دیار نییە؟ ئایا کۆچیدڵخوازی فەرمانبەرەکەیە؟ یان هەروەك کۆچی زۆرە ملە بۆ خوارووی **ئێراقی عەرەبی** دوای *ئاشبەیاڵی مەلا مستەفا بارزانییە*؟ هەزار یانی تر ...

چیرۆکنووس چیرۆکەکەی لەسەر بناغەیەکی واقعی پتەو دانەڕشتووە چونکە کارەکتەرەکەی لە دەوروبەرە کۆمەلایەتییەکەی دابراندووە!

ناوەرۆکی تێکستەکە کە زیاتر سەمبولیکە, گوزارشت لە کێشەی نەتەوایەتی دەکات, لە کێشی کورتە چیرۆکدا نییە, بۆ نەك ڕۆمانێك بەڵکوو چەندەها ڕۆمان دەگونجێت.

چیرۆکنووس باس لە کرێکار دەکات کەچی لە ئاست واقعی میکانیکی ژیانی ڕۆژانەی کرێکاران بێئاگایە! سیمای نووسەر بە زەقی بە ئەحمەدەوە دیارە, ئەو تەغریبە کە نووسەر کاڵای کرێکاری بە بالای خۆی بڕیوە, بۆچ؟

*یەشار کەمال* بە پێچەوانەوە, هێندە جوان لە شتەکان ورد دەبێتەوە, وا دەزانی باوکی باوکی لەو کارەدا سەری سپی کردووە. هەر کەسێکی شارنشین ڕۆمانی ئەودیو چیای بخوێنێتەوە, شارەزاییەکی باش لەسەر لادێکانی کوردستان پەیدا دەکات.□

کانوونی یەکەم ١٩٨٦ ـ سلەیمانی

*گۆڤاری: کاروان ژمارە ٤٩ / ١٩٨٦*

سەفەر

## هەمزە عەلی

شیعرەکە بۆ کابرایەکی **کوردی** خەلکی **کوردستان** وتراوە بۆیە ناوی ***گۆران*** ی شاعیر, ***حەمەی ماملێ, عەلی مەردانی*** گۆرانیبێژ, **گردی سەیوان** هاتووە کەواتە کارەکتەری شاعیر کەسێکی رۆمانسییە, سەری خۆی بۆ دوور ولات هەلگرتووە. شاعیر لەو کۆچە ناوادەیە بێئاگایە, کە پێی دەزانی گەلێکی بە لاوە گران دەبێت, تا رادەی گریان نەك خۆی بەلکوو ژن و دایکانیش دەهێنێتە گریان! بیتاقەی گیرفانی دەدڕێنێت, کە هیمایە بۆ بازرگانی قومار کردن بەمەسەلەکەوە, شاعیر ناراستەوخۆ لە زمانی شتە جوان و ڕۆمانسییە پشتگوێ خراوەکانەوە هەلۆێستی دژ لەبەرامبەر ئەو کەسەدا دەردەبڕێت.

ئەو هەلۆێستە لە ئەزموونی چوونە دەرەوەی چەند جاری خودی شاعیرەوە سەرچاوەی گرتووە, کە بە لایەوە ئەوانە دەبنە شەمەنەفەری بەجێماو بەوێنەی هیلکەی پیس بۆگەن دەکەن, سەرئەنجام وەك ژنی تۆراو!! بەرەوباوان دەبێتەوە, عادەتەن دەبێتە داردەستی بالادەستان!؟

کارەکتەری شاعیر پێناسە چینایەتی بزرە, نە کرێکار نە سەرمایەدارە! وەك مرۆڤێکی ڕووت دێتە پێش چاو! زیاتر لە وردەبۆرژوازی رەوشت رۆمانسی و رەشبین و ڕاڕا و .. دەچێت.

ناوبراو لەوە ناچێت بە هۆی جەنگی کۆنەپەرستانەی **ئێران ـ ئێراق** یان بزووتنەوەی سیاسی چەکداری **کوردستانەوە** چووبێتە دەرەوە؟

لە تێکستەکەدا ئاماژە بە گردی سەیوان کراوە, کە سیمبوولی قوربانیدانە بۆ بزووینەوەی سیاسی **کوردی** لە قۆناغێکی دیاری کراو, دیارە گونجاوتر دەبوو لە بری **سەیوان** و گردی **شەهیدان** بووایە, لە مێژووی هاوچەرخدا گردی شەهیدان لە لای خەلکی شاری **سلەیمانی** سیمبولی بەرگری و بەرخۆدانە بۆیەحکومەتی دڕی **بەعس** ـ **ئتراق** بۆ نەهێشتنی ئەو گیانە زوو زوو پەلاماریدەدا!

جا گۆرینی ناوی ئەو گردە هەروەها بەکارهێنانی وڵات لە بری**کوردستان**, ناوهێنانی *ح. ماملێ* و *ع. مەردان* لە جیاتی گۆرانی بێژانی بە هەڵویستی وەك شەهیدان *قادر کابان, جەمال موفتی, عەبەی مەلا* , گوزارشت لە ترس و نیگەرانی و هەڵگەرانەوەی ڕاستییەکان دەکات بەخاتری دەرباز کردنی لە دەستی سانسۆر!□

کانوونیدووەم ١٩٨٩ سلەیمانی

کتێبی : دەرزی ئاژنی خەمەکان / ١٩٨٨